# ویژدانی تێرەکان
# ڕۆژی بان کی مۆن



فەلەکەدین کاکەیی

**(١)**

چەند ڕۆژ پێش (بانکیمۆن) ئەمینداری گشتی UN بڕیاریدا ماوەی ٢٤ کاتژمێر ڕۆژوو بگرێت، بۆ سەرنجڕاکێشانی رای گشتی جیهان سەبارەت بەوەی کە سەرژمێری برسییانی سەر ئەرز لەیەک ملیار مرۆڤ تێپەڕیوە... (ملیار= هەزار ملیۆن) ئەز لەلای خۆمەوە بڕیارمدا هاودەنگی بان کی مۆن ببم و ڕۆژێکی دیکە، بەبێ دەنگۆ و بێ پڕوپاگەندە، ڕۆژوو بۆ برسییەکان بگرم، چونکە لەهەمان ڕۆژدا نەمتوانی پێڕا بگەم، ئاخر بانکیمۆن و هاوڕێیانی کوتوپڕ ئەو ڕۆژەیان ڕاگەیاند.

**(٢)**

قەیدی چییە! خۆ برسییەکان هەر برسی ماون، ڕۆژانیش نابڕێنەوە، هەر کەسێک دەتوانێ لە ڕۆژێکدا (یا چەند ڕۆژ بەسەر یەکدا) ڕۆژووی هاوکاری و هاودەردی-دەربڕین لەگەڵ ملیار برسیی سەر ئەرز، بگرێت.

بۆنە و ڕۆژەکان زیادن، دێن و دەچن بەر لەوەی ئاگاداربین. ڕۆژانی ١٦-١٩ / ١١ / ٢٠٠٩ لەجیهاندا ڕۆژی فەلسەفە کراوەتەوە، بۆنەکە ڕەتبوو ئەمجا بە ئاگا هاتم.

خۆ کوردیش مێژوویەکی لەفەلسەفە هەیە. واتە: فەلسەفەی لەمێژوودا هەبووە. میترایی (میهرپەرستی) و زەردەشتی کانگای ڕۆشنی فەلسەفەن، تیشکیان بەدونیادا هاویشتووە. تەسەوف و عیرفان لەفەرهەنگی زەردەشتییەوە سەرچاوەیان گرتووە، کە سەرەتاکەی لە فەلسەفەی ڕووناکی و تیشکهاوێشتن (ئیشراق)ەوە... دێ، فەیلەسوف و زانایانی دێرینی یۆنان، وەک ئەفلاتوون و فیساغۆرس و سوقرات، ئیلهامی فەلسەفەی تێکهاوێشتنیان لە کولتووری زەردەشتی وەرگرتووە. هەروەها سۆفیگەرییەکانی مەسیحی لەهەمان کانی ئاویان خواردۆتەوە. ئیبنوعەرەبی و سوهەروەردی (شێخی ئیشراق) و باباتاهیری هەمەدانی.. تا بگاتە جەلالەدینی ڕوومی مەولەوی و زۆربەی ڕێبازە سۆفیگەرییەکانی هەزار ساڵەی ڕابردوو، هەموو. لەبەر تیشکی ئەو فەلسەفە ڕووناکەدا ڕێگەی خۆیان دۆزییەتەوە. لەچاخەکانی دواتردا: فەقێ تەیران و مەلای جزیری و خانی و مەحوی و مەولەوی و.. شاعیرانی دیکەی کوردستان، شاگردانی هەمان مەکتەبی عیشق و عیرفان و تێشکهاوێشتن بوونە. مەقامی ڕەسەنی کوردی درێژەدەری هونەری مۆزیکی زەردەشتییە. ٧٢ مەقامی چڕین و مۆزیکی تەمیرە (تەمبوور) کە هونەرمەندی داهێنەر عەلی ئەکبەر مورادی (لە کرماشان) ڕێکی خستوون و پاراستوونی، نموونەی ٧٢ هات (پەرەگرافی) پەڕاوی یەسنایە (کە بەشێکی ئاڤێستایە).

لە ٧٢ مەقامی زەردەشتیانەی سیحراویدا فەلسەفەی هونەری ئەمڕۆی کوردی، دەدۆزینەوە.

کەواتە: بێ فەلسەفە نەبووینە، چونکە هیچ میللەت و قەومێک بێ فەلسەفە نییە.

**(٣)**

دەگەڕێمەوە سەر ڕۆژی بانکیمۆن و لەخۆ دەپرسم: ڕۆژووگرتنی تاکە کەسێک، یا چەند کەس، چ دادێکی پتر لە ملیار مناڵ و ژن و پیر و بێدەسەڵاتی دنیا، دەدات.

لە چلەکانی سەدەی بیستەمدا (مەهاتما گاندی)، پەیڕەوی فەلسەفەی تێشکهاوێشتن، مەعنەوی و سیاسی دەیان ملیۆن دانیشتووی هیندستان، ڕۆژووگرتنی وەکو شێوەیەکی تێکۆشانی کۆمەڵایەتی سیاسی وەرگرتبوو. بۆ چارەسەری گرفتەکان و هاندانی خەڵکی هیندستان بۆ یەکگرتن، یا مانگرتن دژ بە دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتی ئینگلیز، یا بۆهەر ئامانجێکی دیکەی بەرز ڕۆژووی دەگرت. چەندین ڕۆژ و هەفتە، بەسەریەکا، هیچی نەدەخوارد هەندێ لە پەیڕەوانی هاوڕای دەبوون) و... جەواهیر لال نەهرۆ و سەرانی حزبی کۆنگرەی هیندستان و ڕووناکبیر و میدیاکان ڕایاندەگەیاند و بە خەڵکیان دەگوت: ئەوە گاندی پێشەوا جارێکی دیکە ڕۆژوو دەگرێ...ئەگەر بەقسەی نەکەن بۆ فلانە کار و چالاکی ئەوا گاندی تا مردن، ماندەگرێت.

خەڵکی هیندستان، بە هیندۆسی و موسڵمان و پارسی (زەردەشتی) و بودایی و ئایین و نژادە جۆر بەجۆرەکانەوە. بڕوایان بە بیروڕا و ئامانجەکانی گاندی هەبووەو دەیانزانی کە ڕاستگۆیە و سوود و بەرژەوەندی هەموانی دەوێ، هەربۆیەش بەدەنگی داخوازی بەرنامەکانی گاندییەوە دەچوون.

بەشێوەیە گاندی، بەڕۆژووگرتن و مانگرتن. بوو بە دەینەمۆی بزووتنەوەی دیموکراتی و ڕزگاریخوازی خەڵکی هیندستان. لە ئەنجامدا نیشتیمانی مەزنی هیندستان بە ئازادی گەیاند و دەوڵەتی ئیمپڕاتۆری مەزنی ئینگلیزی لە هیندستان دەرکرد. کە گەورەترین ئیمپڕاتۆریەتی ئەو سەردەمەیە بوو.

**(٤)**

بڕیاری بانکیمۆن، ئەمینداری گشتی UN، لەجێی خۆیەتی، ئەگەر وەکو گاندیشی پێنەکرێت، ئەوە بڕێک ویژدانی خەڵکی دنیا دێنێتەوە ئاگا، تا بزانن لەسەر ئەم ئەرزەدا پتر لەیەک ملیار مرۆڤی برسی، زۆربەی هەرە زۆریان ئێواران بەبێ شیو سەر دەنێنەوە.

ڕۆژووگرتنی بانکیمۆن جێگەی ڕێز و ستایشەو، بانگەوازێکە لە پێش ویژدانی مرۆڤایەتیدا، تا بێتە ئاگاوبێداربێتەوە، کە نابێ هەزاران ملیۆن مرۆڤ بە برسێتی سەربنێنەوە!

کەواتە، ڕێگا چارە هەر ئەوەیە هەمیشە ویژدانی خەڵک، لەئاستی کارەساتەکاندا، بەئاگا بهێنرێتەوە.